ئەوەی قسە داپڕێت لەگەڵ براکەیدا بۆ ماوەی سااڵێک؛ ئەوا ئەمە وەکو خوێن ڕشتنی وایە

لە ئەبی خیراشەوە حەدرەدی ئەسلەمیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی قسە داپڕێت لەگەڵ براکەیدا (هەجری بکات) بۆ ماوەی ساڵێک؛ ئەوا ئەمە وەکو خوێن ڕشتنی وایە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک هەجری برای بکات وقسەی لەگەڵدا داپڕێت بە بێ هیچ ئامانجێکی شەرعی وبەردەوام بێت لەسەر ئەم قسەداپڕانە (هەجرە) هەتا دەگاتە ساڵێک ئەوا لێرەدا سزا بۆ ئەم کەسە واجب دەبێت، هەروەکو چۆن خوێن ڕشتن هۆکاری سزایە بەو پێیەی دادوەر پڕیاری لەسەر دەدات، ئەمیش بۆ دوورخستنەوەی زیانی وهەڕەشەیەک بۆ تاوانباران، بەڵام ئەگەر ئەم قسەداپڕانە (هەجرە) بۆ ئامانجێکی شەرعی بوو وەکو هەجرکردنی ئەهلی بیدعە وفاسقەکان ئەوا پێویستە لێرەدا هەجرەکە بەردەوام بێت مەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەر هەق وتەوبە بکەن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8885